# ئامادەکاری نینۆکەکانی پەنجە بۆ خانمانی بووک




هەرچەندە گشت لایەنەکانی گرنگیدان بەخانمی بووک لەو ڕۆژەوە کاری لەسەر دەکرێ، بەڵام زۆر شتی بچووک و تەنانەت جارجار گەورەش لەبیر دەکرێن، لەبواری جوانکاری هەندێك هەنگاوی بچووک هەن، کە لەجێگەی خۆی دەبێ بۆ زیاتر ڕازاوەکردنی خانمی بووک، هەر لەتەسریحەی قژ و ماکیاژ و ڕەنگی ئەساس و جوانکاری بۆ پێست و دەستەکان، تەنانەت جلوبەرگ و پێڵاوی بووک دەبێ حیسابی بۆ بکرێ و لەگەڵ هەر یەکەیەك بەپێی گرنگی و جوانی خۆی کاری لەسەر بکرێ. بەهۆی ئەوەی دەستی خانمی بووک لەو ڕۆژی ئاهەنگەدا بەشێوەیەکی زۆر و بەرچاو دەردەکەوێ، بۆیە دەبێ کاری جوانکاری بۆ ئەو بەشە بچووکەش ئەنجام بدەین، بۆ دەستەکانیش چەندین ڕێگە هەن، دەبێتە ڕێگەیەك بۆ جوانی و ڕازاوەیی پەنجە و دەستی خانمان، لەوانە: لێدانی کرێمێك کە پێستی دەست نەرم بکاتەوە و بەجوانیش دەربکەوێ، هەروەها دانانی نینۆك، ئەوەش دەکرێ لەڕێگەی نینۆکی سروشتی کەسەکە بێ، یان دەتوانین نینۆکی دەستکرد (مەناکیر) دابنێین، ژمارەیەکی کەم لەکچان نینۆکیان دەهێڵنەوە، بۆیە دەتوانن سوود لەنینۆکی دەستکرد وەربگرن، کە چەندین مۆدە و جۆری هەیە، دەکەوێتە سەر ئارەزووی ئەو کەسە، چ جۆرە نینۆکێك هەڵدەبژێرێت، بۆ مۆدەی ئەوساڵەش زیاتر نینۆکی ڕەنگی سپی مۆدەی سەردەم دەبێ و باوی لەسەر دەبێ.





## باخچە



دیکۆری ماڵ پێویستی بەگرنگیدانی تایبەتە بۆ ئەوەی جوانی بە ماڵەکەت ببەخشێ، چونکە هەر یەکە لەو دیکۆرانە جێگە و جوانی خۆی دەگرێ، لەگەڵ هاتنی وەرزی هاوین، لەدیکۆری ماڵ، لایەنێك گرنگی خۆی دەردەکەوێ و لەبوارێکی تازەوە دەبێتە شوێنێك بۆ خۆشی و حەسانەوە، ئەویش باخچەی ماڵەوەیە. کە شوێنێکی ئارامە، تەنانەت

## کراس زەردێ



بایەخ دان بەکراسی کوردی، یەکێکە لەهۆکارەکانی پەرەپێدان بەبواری جوانکاری هەر خانمێك تا لەنزیکەوە کارێکی جوان لەسەر جەستە و جلوبەرگەکانیەوە دەربخات، کە چەندین لایەن و هەنگاوی تایبەت بەخۆیەوە دەگرێ و دەتوانین لەبچووکترین کاری سادە جوانییەکی گەورە بەدەست بهێنین، یەکێك لەو کارانەی کە خانمان دەتوانن سوودی لێوە وەربگرن، ئەویش ڕەنگی جلوبەرگە، کە ڕێگەیەکی دیاری کراوە، تیایدا دەتوانین شایستەیی و پڕ بەهاترین جوانی بەدی بکەین، لەگەڵ کراس و جلی کوردی زۆربەی ڕەنگەکان دیمەنی خۆیان بنوێنن، ئەمەش وادەکات کە کراسی کوردی لەچەندین ڕەنگەوە بێ، وەکو ئەوەی لەجلوبەرگی کچانی کورد دەبینرێن. یەکێك لەو ڕەنگە شایستانەی کە لەگەڵ ڕووناکی و گەرمی وەرزی هاوین دەگونجێت، بریتییە لەڕەنگی زەرد، ئەو ڕەنگە هاوشێوەی ڕەنگی سپی جوانی و سوودی خۆی هەیە، تایبەتمەندی کراسی کوردی لەڕەنگی زەرد لەوکاتەوە دەبێ، کراسەکە سەرتاپای لەڕەنگی زەرد بێ، یان بەشێك لەکراسەکە لەڕەنگێکی دیکە بێ، بەڵام زیاتر دەبێ ڕەنگە زەردەکە زاڵتر بێ بەسەر هەر ڕەنگێکی دیکەی کە تێکەڵ بەڕەنگی کراسەکە دەکرێ، دەتوانین سوود لەبەشەکانی دیکەی ڕەنگی زەرد وەربگرین، ئەوانیش: زەردی کاڵ و تۆخ و زێڕی و ئاگرین، تا جلێکی کوردی جوانی لەسەر بنەخشێنین.

# تەنوورەی درێژ مۆدەی هاوینی ٢٠١٢





مـــۆدەی جلوبـــەرگ، کاتێـــك پســـپۆڕانی بواری جوانکاری دەستنیشـــانی دەکەن، کە بیانەوێ لەگەڵ چ جۆرە کات و ســـاتێکی تایبەت بەخۆوە بگونجێ، ئەمـــەش وادەکات کە هەر جلێـــك مانایەك لەجوانی خۆی ببەخشـــێ و لەنزیکەوە مۆدەی سەردەمەکەی بێ، دەتوانین بیروڕای پسپۆڕانی جوانکاری لەوەرزی هاوینی ئەوســـاڵی ٢٠١٢ لەچەنـــد جلێکی جوانەوە بەدی بکەین، بۆ جلی ســـەرەوە زیاتر بلووز و بۆدی هاوینە، کە هەندێك شـــێوە بۆدی بێ، واتە جەســـتە بگرێ، هەروەها بۆ جلی خوارەوەش، تیشکیان خستۆتە سەر تەنوورە، زیاتر ئەو لایەنەی دەستنیشانی دەکەین، ئەویش پۆشینی تەنوورەی درێژە بۆ وەرزی هاوین، کە یەکێکە لەمۆدە هەڵبژێدراوەکان بۆ ئەو وەرزە، سەبارەت بەشـــێوە و جوانی تەنـــوورەوە، چەندین لایەنی هەیە، ئەوانیـــش: تەنوورەی (درێـــژ و ناوەندی و کورت)، بـــەڵام ئەوەی زیاتر ئامادەکـــراوە تا مۆدەی هاوینی ئەوســـاڵ بێ، تەنوورەی درێژە، وەکو دەزانین مۆدەی هاوینی ساڵی ڕابردوو پانتۆڵی جینز بـــوو، کە ئەویش جلێکی گەرمە و جەســـتە دەگرێ و خانمان بێزار دەکات، بەڵام هەرچی تەنوورەیە، سەرەڕای ئەوەی دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشـــی هەیە، هەروەها جلێکی کراوەیە بۆ پۆشـــین و تەنانەت هەستێکی خۆش بەخانمان دەگەیەنێ کە دەیپۆشن.


## شەنگترین دیکۆری ماڵە



جگە لەوەی سوودی هەیە لەهێمنکردنەوەی مـــرۆڤ، کەچـــی جوانییەکـــی گەورەش دەبەخشـــێتە دیکـــۆری مـــاڵ. باخچە تا چەند ســـادە و ناســـك بێ، ئەوەنـــدە زیاتر جوانی خۆی دەبێ، لێرەشـــدا دەبێ لەگەڵ هاتنـــەوەی ئـــەو وەرزە، گرنگییەکی تەواو بەباخچەی ماڵەکانمـــان بدەین و بەچەندین گـــوڵ و گوڵزاری جوانەوە ڕازاوەی بکەین. لەڕێگەی دانانی تاخمێك کورســـی و مێز، هەروەها چاندنی دار و گوڵی جوان، ئەگەر توانـــرا (جۆلانـــێ) و لەگـــەڵ کەپرێکی بچووك دابنرێ لەباخچەدا، بێگومان دەبێتە یەکێك لەجوانترین و قەشـــەنگترین بەشەکان لەدیکـــۆری ماڵ، بـــەڵام گرنگترین لایەن ئەوەیـــە، کاتێك باخچەکە پـــاك و بەگوڵ ڕازاوە دەبـــێ، هەروەهـــا چاندنی چەندەها جۆرە گـــوڵ، باخچەکە زیاتر ڕەنگاوڕەنگتر و جوانتر دەکات.

## چۆنیەتی هەڵبژاردنی شێوەی بەستنی قژ


دانانـــی هـــەر تەســـریحەیەك بـــۆ مۆدەیەکی قژ، پێویســـتی بەئامادەکاری ســـەرەتایی هەیە، کە لەو ئامادەکارییـــە، بیرۆکەی شـــێوازی قـــژ و ڕەنگ و تەنانەت تەســـریحەکەش ڕۆڵی خـــۆی دەبینێ، دەتوانیـــن لەهەنگاوەکانی بایـــەخ دان بەقژەوە، لەو جۆرە قـــژەی خۆت بزانی و تەنانـــەت هەندێ جار ڕێگەیەکـــی جوان دەگرێ بۆ تەســـریحەیەك، بەڵام لەگەڵ مۆدەی قژت ناگونجـــێ، دەبێ هەوڵبدەی چ جـــۆرە مۆدەیەك لەگەڵ قژت گونجاو دەبێ. یان چۆن بتوانی قژت ببەســـتی، کە ئەوەش گەورەترین ڕێـــگای جوانی قـــژ دیـــاری دەکات، کاتێك تۆ تەســـریحەیەك دەکەی، لەگـــەڵ نەرمی یان جۆری قـــژت ڕێکناکەوێ، ئەمـــەش وادەکات لەئەنجامدا ببیتە خاوەن تەسریحەیەك تەنانەت خۆت بەدڵت نابێ، و دیمەنی ئەو جۆرە نابەخشـــێ کە خۆت دەتەوێ. بـــۆ ئەوانەی قژیان خـــاوە، دەتوانن بەخاوی و تەنیا لەدواوەی ســـەرەوە بەتۆقەیەکی بچووك بیبەســـتن، ئەوانەی قژیان کلـــۆش و مودەڕەج و لوولە، دەکرێ لەسەرەوەی سەر و دواوە بیبەستن، یان ئەوانەی قژیان نەرمە، دەکرێ پێشەوەی بەربدرێتەوە و ئەوەی دیکەش لەپشتەوەی سەر ببەسترێ، هەروەها ئەوانەی قژیان لارە یـــان پەرمەناتە، دەکرێ ســـوود لەدانانی قژیان وەربگرن کاتێك دەخرێتە سەر شانەکان، یان هەمووی قژ بخرێتە سەر شانێك، کە ئەوەش گەورەترین دیمەن و مۆدە دەبەخشـــێ، زیاتر قـــژی زەرد یان مێش و نیگرۆ، لەســـەرەتای مۆدەی هاوین و پاییزدا باوی دەبێ و دەکرێ خانمان سوود لەو مۆدەیە وەربگرن.




# سەرسنگ سەرنجڕاکێشترین هاوینەهەواری کوردستان

کاتێك سەردانی شاری دهۆك دەکەین، چەندین شوێنی گەشتیاری و خۆش بەرچاوت دەکەوێ، لەوانە کاتێك (سوارەتووکە)جێ دەهێڵی لەوێوە ڕێگەیەك دەڕوات بەرەو ڕۆژهەڵات، دوای چەند کیلۆمەترێك دەگەیتە بامرنێ، پاشان دەگەیە سەکەرێن کە بەترێ بەناوبانگە، لەدوای چەند ڕۆیشتنێك دەگەیتە سەرسنگ، کە شوێنێکی گەشتیاری وەك شارێکی بچووکە لەدهۆك، کە ناوەکەی لەوەوە هاتووە کە دەکەوێتە سەرەوەی کێوی چیای گارا، بۆیە ناوی نراوە سەرسنگ، یان زیاتر بەمانای کەوتنی پێگەی جوگرافی لەسەر سینگی چیای گارا. شارۆچکەیەکی جوان و خنجیلانەیە، شوێنێکە بۆ گەشت و سەیران، کە بەناوچەی سەوز و ئاوێکی پاکەوە بەناوبانگە، کەش و هەوای ئەو شوێنە ناوەندیە و زۆر جاریش بەفری لێدەبارێ، پلەی ساردی و گەرمی نێوان (١٧تا ٣٨) دەبێ، بەرزی هاوینەهەواری سەرسنگ دەگاتە (١٠٤٦)مەتر لەسەر ئاستی دەریا، دەکەوێتە سەر ڕێگای نێوان شاری دهۆك و ئامێدی، کە شوێنێکی هێمن و کەشوهەوایەکی خۆشی هەیە، تا ئێستا بەسەرنجڕاکێشترین شوێنە گەشتیاریەکانی کوردستان دادەنرێ، لەو شارۆچکەیەدا زۆر شەڕ و پێکدادانی بینیوە لەسەردەمی دژایەتی کردنی ڕژێمی پێشووی عێراق و تەنانەت شوێنێك بووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزی ڕژێمی پێشوو، بەڵام چەندین ساڵ، توانرا لەو شارۆچکە گەشتیاریە چەندین ئوتێل و میوانخانە و جێگەی گەشت و سەیران دروست بکرێ و ئەمە جگە لەوەی کە خۆی دیمەنێکی سرووشتی جوانی هەیە.







# وێنەیەکی کۆنی قەڵای هەولێر!

هەولێر، بەچەندین دیمەنی جوان و ڕازاوە ناسراوە، هەر لەکۆنەوە و تاوەکو ئێستاش، خەڵکی هەولێر بەوە بەناوبانگن، مرۆڤی دڵساف و پاکن، لەگەڵ یەکتر نزیکن و هاوکاری یەکتر دەکەن، قەڵای هەولێریش یەکێکە لەو شوێنە جوان و خۆشانەی کە سەردەمێکە بەشکۆمەندی و بەرزییەوە ماوەتەوە. یادگارییە کۆنەکانی ئەو شارە زۆرن و هەر یەکە جێگەی بیرەوەرییەکی خۆش و جوانن، ئەو وێنەیەش، یەکێکە لەو یادگارییە جوان و سەیرانەی کە لەهەولێر گیراوە، وێنەکە لەساڵی (١٩٣٢) گیراوە کە لەسەر دەرگای قەڵاتەوەیە، ئەو دەرگایەی کە دەکەوێتە لای دادگای هەولێر، واتە دەرگای دووەمی قەڵات، ئەوەی جوانە لەم وێنەیە، کۆمەڵێك خەڵکی ئەو شوێنە وێنەیان گرتووە، کە دوو پیاو و چەند منداڵ و ئافرەتێکن، ڕەنگە ئەوانەی لەم وێنەیە هەندێکیان لەژیاندا مابن، ئەگەر ئەو وێنەیە ببینن، بێگومان چاویان پڕ دەبێ لەگریان بۆ ئەو یادگارییە خۆشە، لەوێنەکە دیارە دەوروبەری قەڵات چۆڵەوانییە و تەنانەت هەندێك خانوو دەبینرێن، ئەمەش بەمانای ئەوەی لەو کاتەوە تەنیا خەڵك لەسەر قەڵای هەولێر نیشتەجێ بوون و ئیدی بەرەو زۆربوونی خەڵکی هەولێر، دواتر بەرەو خوارەوە جووڵەیان کردووە و بەم جۆرە بۆتە ئەو شارەی ئێستا کە زیاتر لە(٢) ملیۆن کەس لەو شارە دەژی.



وەکو چۆن لەیاسا و نەریتی زۆربەی نەتەوەکانی جیهان و ڕۆژ ئاوا وا باوە کە (٢) ژن نەهێنن، بەڵکو دەتوانن دەستبەرداری یەکێك بن تا یەکێکی دیکە بخوازن، بەڵام ئەو حاڵەتە لای ئەو پیاوە ئەمەریکییە گۆڕاوە و بووە هاوسەری دوو ژن، ئەوەی سەیرە هەردوو ژنەکانی ئەو پیاوە خوشکن. ئەو پیاوە ناوی (جۆ)ی (٤٣) ساڵە و دوای ئەوەی هەریەکە لەجووتە خوشکەی (فیکی و

ئێستا مانگی جۆزەردانی کوردیە، لەو مانگەدا کە هەر ناوەکەی گوزاشت لەکەشەکە دەکات، بەرووبوومی جۆ و گەنم زەرد دەبێ بەهۆی ئەوەی جۆ بەهێزترە زووتر گەورەدەبێ، بۆیە پێش گەنم زەرد دەبێ و ئیدی ناو لێنانی جۆزەردان لەو لایەنەوە هاتووە، واتە وادەی دوورینەوە دادێ و دەبێ جووتیاران بەرووبوومەکانیان بدورێننەوە. لەسەردەمی پێشوودا دروێن کردن بەم شێوەیە بوو، کاتێك وادەی دروێنە دەهات و ئیتر هەرچی پیاوان و گەنجان و تەنانەت ئافرەتانیش بەشدار دەبوون لەدروێنە کردن، هەر یەکە بەداسێکی

# ئۆباما لەبـــازاڕە!



ســـادە و ساكاری كەســـایەتیە بەناوبانگەكانی جیهـــان، لەســـەر جوولە و مامەڵـــەی ژیانی ڕۆژانەی دەوەستێ، كە هەندێكیان تەنیا لەكاتی دەوامی فەرمی و شوێنی ئیش و كاری، خۆی وەك خاوەن پۆســـتێك دەزانـــێ، بەڵام دوای كە دەكەوێتە ژیانی ڕۆژانـــەوە، وەك هەر تاكێكی ئاســـایی كاری ڕۆژانەی خۆی دەكات. باراك ئۆبامای ســـەرۆكی زلهێزترین وڵاتی جیهان، وەك ئەو كەســـەی كە خاوەن كەســـایەتییەكی سادەیە، كاتێك لەدەوام و كۆشكی سپیەوە نابێ، ئیدی بەژیانی ڕۆژانەی خۆیەوە خەریك دەبێ، ئەمەش دوور لەپاســـەوان و یـــان هەر كارێكی فەرمـــی، وەك لـــەو وێنەیە دەبینـــن كە خۆی (میشێل ئۆباما) خەریكی كڕینی شت و مەكن بۆ ماڵەوە، سەرۆكی ئەمریكا، حەز بەخواردنی كودۆ و شووتی دەكات زۆر، وەك لەوێنەكەدا كە عارەبانەی كودۆ، چەند دانەیەكی هەڵگرتووە و بـــەرەو ئوتۆمبێلەكەی دەبات تا بیباتە ماڵەوە و بیخوات، ئەمەش دەبێتە یەكێك لەهەنگاوە جوان و سەیرەكانی ئەو ســـەرۆكە، تاوەكو خۆی وەك خەڵـــك بزانێ و ژیانی ڕۆژانەی خۆی لەگەڵ هاوسەرەكەی تێكنەدات.

# جەستە كون كردن لەجیاتی تاتۆ!

كارە ســـەیر و جوانـــەكان جێگەی ســـەمەرە و تەنانـــەت هەندێك جار دەبێتـــە هۆی نیگەرانی خەڵك، ئەمـــەش زیاتر كاتێك كـــوڕان و كچان جەستەی خۆیان بەتاتۆ دەكوتن، ئەوەی جێگەی سەیرە بیرۆكەیەكی سەیر پەیدا بووە ئەویش كون كردنی جەســـتەیە تاوەكو وەك جلێك دەربكەوێ. ئەو خانمـــە لەویلایەتـــی ئەریزۆنای ئەمریكی دەژی و ناوی (لیندسی)یە و سەرەڕای ئەوەی جەستەی لەتاتۆیە، كەچی ئێستا هەڵساوە بەكون كردنی جەستە، تاوەكو لەپشتی دیمەنی جلێكی



بەقەیتانەوە دیار بێ، یان وەك ئەوەی ئیلەگێكی لەبەر بێ، ئەو كارەش بەدانانی ئەڵقەی بچووك لەسەر جەســـتەوە دادەنرێ، ئیتر داوێك دەخرێتە ناو ئەو ئەڵقانە و ئەمەش لەســـەرەوەی پشـــت تاوەكو خوارەوە دەبێ، ئەو كارەش بە(٥٠٠) دۆلار ئەنجام دەدرێ و تەنانەت داواكارییەكی زۆریشی لەسەرە، ڕەنگە لەچەند ساڵێكی داهاتوودا، ئەو مۆدەیە پەرە بسەنێت و ببێتە مۆدەیەكی جیهانی وەك تاتۆ، كە ئێســـتا لەسەرتاپای جیهان كوڕان كچان تاتۆ ئەنجام دەدەن.

# ئەوانیش فێری دوو ژنە بوون




فالیری)، بەیەكتر دەگـــەن و كە پیاوەكە لەگەڵ هەردوو خوشـــك پێوەندیەكی خۆشەویسی هەبووە، ئیتـــر داوای هەردووانی كرد، پـــاش ڕەزامەندی هەر دووخوشـــكەكە، توانی ببێتە خاوەن (٢) ژن و جەرگی كون كون! ئەمەو فیكی واتە ژنە گەورەی بووە لەدوای (٢٢) ساڵ هاوسەرگیری، ئیتر توانی خوشكەكەی دیكەشی بكات بەهاوسەری خۆی و ئەوانیش فێرە دوو ژنی بوون!

# جەنجـــەڕ و دەڕراســـە!



تیژەوە، كە ئاسنێكی تیژە و لار بۆتەوە، لەشێوەی نیوە مانگە، بەمەش ئەو كەسەی دروێنەی دەكرد، بەدەستێك دەغڵ و دانەكەی دەگرت و بەدەستێكی دیكەش كە داســـی لەدەست بوو، لەنزیك زەوییەوە دەغڵەكـــەی دەبڕی و لێی دەكـــردەوە، دواتر ئەو دەغڵ و دانە هەڵدەگیرا و لەشوێنێك كۆ دەكرایەوە دەبـــوو بەكاری جۆخین و جۆخین كردن، پاشـــان بە(جەنجەر) بەســـەر ئەو دەغـــڵ و دانە دەكەوتن كە بەئێســـتر ڕادەكێشـــرا، تاوەكو دان و دەغڵەكە لەیەكتـــر جیا دەبوویەوە، دواتـــر دانەكە كە دەبوو بەگەنم و جۆ، بەشنەبا و بە(شەنە) بەجوانی جیا دەكرایەوە و هەڵدەگیرا، ئەمەش ژیانی كورەدەوای كۆن بـــوو، تا ئەو كاتەی ئامێرێك دروســـت كرا بەناوی (دەڕراسە)، كە ئامێرێكی گەورە و بەهێزە، لەپێشەوە دەوێكی گەورەی هەیە، لەگەڵ چەندین لكی ئاســـنین، كاتێك دەڕراســـە دەهێنرێتە سەر دەغڵەكە و ئیتر ئەو دەڕراسەیە خۆی كاری داس و لێكردنەوە و جەنجەر و شنەبا ئەنجام دەدات، واتە هەر یەكە بەپێ كارەكانی خۆی، تا لەكۆتایی دان و دەغڵەكە جیا دەكاتەوە، لەهەندێك شـــوێن تاوەكو ئێستاش دروێنە بەدەست دەكرێ، ئەمەش لەناوچە شاخاوییەكان، كە دەڕراسە ناگات بەو شوێنانە.



## نوکتە

- دکتۆرێک کۆمەڵێک شێت تاقی دەکاتەوە ڕەسمی سەیارەیەک دەکێشێت لەسەر دیوارێک و دەڵێت دەی بچنە ناوی، هەموویان خۆیان دەکێشن بەدیوارەکەدا یەکێکیان ئەمێنێتەوە دکتۆرەکە دەڵێت ئەمەیان لەوە دەچێت شێت نەبێت لێی دەپرسێت بۆ ناچیتە ناوی شێتەکە دەڵێت سویچەکەی بەخۆمە.

***

- بەکابرایەک دەڵێن ناوی سێ گۆرانیبێژمان پێ بڵێ کە ناویان پە پیتی (یش) کۆتایی بێت، ئەویش دەڵێت دارویش، حەسەن زیرەکیش، موعینیش.

***

- یەکێك ئاشقی کچێک بووە دوایی خوشکەکەی مارە دەکات، پێی دەڵێن: باشە بۆ خوشکەکەی؟ ئەویش دەڵێت: ئاخر بەو شێوەیە لەمەودوا زوو زوو خۆشەویستەکەم دەبینم.


## وێنە و بیرکردنەوە

لەم وێنەیەدا، ئافرەتێکی پیر دەبینن لەسەر پێخەفەکەی، لەدەوروبەری چەندین ئافرەت دانیشتووە، هەموویان کچ و دایکن، هەوڵبدە بزانە ئەو منداڵەی لەتەنیشتی ئافرەتە پیرەکەیە، دەبێتە چی ئەو ئافرەتە بەتەمەنە، کە گشت لەو کەسانە نەوەی ئەو ئافرەتە پیرەن!




## پەندی ناوداران

**- سوقرات دەربارەی زانین و نەزانین دەڵێ :**



**من زاناترین کەسم لە هەموو جیهان تەنها لەبەر ئەوەی یەك شت ئەزانم ئەویش ئەوەیە کە هیچ نازانم ...**

## دیوانە شیعر

**-شاعیر عەونی دەربارەی هۆگربوون دەڵێ:**



کە من هۆگر بە تۆ بووم تازە بۆچی دولبەرێکی تر
دەرمکەی لێرە نارۆم ناچمە کوچە و دەرێکی تر
منی دیت نیوە کوشتەی نازی چاوی خۆیەتی فەرمووی
خەڵاتی مەرگە بۆ تۆ بگرە ها دەی خەنجەرێکی تر
لە سیحری سامیری باکم نییە ترسم هەیە چاوت
بە مەستی نازەوە بمخاتە دەست ئەفسوونگەرێکی تر
لە فیکری تۆ نەوەستاوم بە پیری نازەنینی کورد
ئەگەر پەنجەم قەڵەم بگرێ دەنووسم دەفتەرێکی تر
لە چەرخی ڕۆژگار گیرۆدە ماوم هێندە دڵ تەنگم
پەنا بۆ مەی نەبەم هیچ چارە ناکا ڕابەرێکی تر
دە مەیگێڕ دەستی من داوێنی تۆ بێ وەك عەرەب سەد جار
فەرامۆشی نەکەی وا تازە هات سەوداسەرێکی تر
خەیاڵی بووکی شادی بۆ دڵی پەستم زەماوەندە
دە نەیژەن لێدە نەی، با چۆپی بڕوا چەند گەڕێکی تر
دە با دە ئاکی بەدخوو خوێن بڕژێ تاکو ڕۆژێ دێ
دەکەوتە بەر شەپۆلی هەڵمەتی ئاسنگەرێکی تر
لە گوێم دەنگی زرنگا پێی گوتم دڵگیر مەبە (عەونی)
ئەمە چەرخە دەسووڕێ دێتەوە دەوروبەرێکی تر

س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك

## بۆ زاخاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (پێشمەرگە) بوو**



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (ژمارەیەك پاش ژمارە ١)
- پیتی خانەکانی (٥+٣+٢+٧) کۆ بکەیتەوە بەمانای (شلەیەکە لەناو جەستەی مرۆڤ دەخولێتەوە)
- پیتی خانەکانی (٥+٦+٧) کۆبکەیتەوە بەمانای (پاشگرێکە بۆ ڕێزگرتن دەخرێتە دوای ناوەکانیان)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٣)کۆ بکەیتەوە بەمانای (کارێکی مرۆڤە شەوانە زیاتر ئەنجامی دەدات، مێشك ئارام دەکاتەوە)